# بانکی پرسیارەکانی کۆرسی دووەم

1-  پلانی کار چییە ؟ گرنگترین بەشە پێکهێنەرەکانی پلانی کار بەلای تۆ کامانەن، کە زۆر پەیوەندییان بە ڕۆژی بازاڕەوە هەیە و ئێوە وەک کۆمپانیا لەم ڕۆژەدا سوودتان لێیان بینی ؟

2-  (دەستپێشخەری بناغەی زۆر کارامەیی ترە بۆ ئەوەی بتوانی پڕۆژەی کارەکەت بگەیێنیتە قۆناغی کۆتایی(

-1ئەم دەستەواژەیەی سەرەوە لەچەند دێرێکدا شلۆڤە بکە.

-2بە ڕای تۆ کارامەیی پلاندانان و بەڕێوەبردن چ پەیوندیێکی بە دەستپێشخەرییەوە هەیەو چۆن کاریگەریی لەسەر یەکتر دروست دەکەن؟

3- پەرۆشی لەلای تۆدا چی دەگەیێنێت؟ ئایا چ جیاوازییەک  بەدی دەکەیت لە نێوان ئەو کارانەی کە پەرۆشەوە ئەنجام دەدرێن لەگەڵ ئەو کارانەی پەرۆشییان تێدانییە؟ وەڵامەکەت بە نموونە ڕوون بکەوە.

4-  بۆ ئەوەی کۆمپانیاکەت باشتر بە خەڵک بناسێنی ، دەبێت دروشمێکی باشی بۆ دابنێیت، ئایا ئەو تایبەتمەندییانە چین کە دەبێت لە دانانی دروشم بۆ کۆمپانیاکەت ڕەچاوییان بکەیت ؟  دروشمی کۆمپانیایێک بە نموونە باس بکە.

5-  دانانی ناو بۆ کۆمپانیا بە یەکێک لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی بونیاتنانی کۆمپانیا دادەنرێت ؟ لەبەرچی؟ ئایا گرنگترین ئەو مەرجانە چین

که پێویسته له کاتی دانانی ناو بۆ کۆمپانیا ڕەچاوبکرێن؟

6- هەریەک له ( کارتی ئیش،پسوله، گرێبەستی نێوان کڕیارو فرۆشیار ) پێناسه بکه ، ئایا گرنگی هەبوونی ئەمانه لەناو کۆمپانیادا چین؟

7- تۆ وەک ئەندامێکی نێو کۆمپانیاکەت له هەنگاوەکانی کارکردنتاندا له چ کاتێکدا هەستتان به زۆرترین گوشار کرد؟ کامه ڕێگا به دروست و کاریگەر دەزانیت بۆ مامەڵەکردنت بەسەر ئەم گوشارانەدا ؟

8- (هەمیشه پرۆژه بەهێزەکان ئەوانەن که مامەڵەکردن و دانوستانیان بەهێزه.)

له (؟) خاڵدا باس له گرنگترین خەسڵەتەکانی پەیوەندییەستن و دانوستاندنی کاریگەر ئاماژه پێبکه.

9- سەرکرده کێیه؟ سێ لەم خەسڵەتانەی خوارەوه هەڵبژێره، که لەلاتدا گرنگ و پێویستن سەرکرده پێشەنگکارەکان خاوەنیان بن، لەبەرچی هۆکارەکەی ڕوونبکەوه:

)نوێگەریی، بەرپرسیارێتی، ڕاستگۆیی، بڕیاردان ویەکلایی کرنەوه.(

10- بەرپرسی فرۆشتن دەتوانێت ڕۆڵێکی کارا له بازاڕدا بگێڕێت، به بۆچوونی تۆ گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانه چین، که دەبێت بەرپرسی فرۆشتن خاوەندارێتییان بکات تاوەکو له کارەکەیدا سەرکەوتوو بێت؟

11-  باسی ( ؟) شێوازی بە بازاڕکردن بکە ، کە لەلای تۆدا گرنگ و کاریگەرن؟ هۆکارەکەشی ڕوون بکەوە.

12- لە میانەی ساڵێکی کارکردنت بۆ بیرۆکەکەت ، پێت وایە کام لەم کارامەییانەی پێیان ئاشنابوویت لە وانەکەتدا زۆرترین گرنگی وکاریگەرییان دەبێت بۆ سەرکەتن ؟

13- کارتی ئیش (بزنس کارت) لە چی پێکدێت بەشە پێکهینەرەکانی بژمێرە؟ سوودی بۆ خاوەنکار چییە؟

14- گروپی کارامەییەکانی پێشەنگکاری بژمێرە و بەسەر جۆرەکانییاندا دابەش بکە.

15- ئامانج لە خوێندنی کارامەییەکانی پێشەنگکاری چییە بۆ بواری پەروەردە؟ وە ئایا چ سوودێک بە کەسی پێشەنگکار دەگەیێنێت؟

16- کارامەییە کەسییەکان بژمێرەو باسی یەکێکییان بکە .

17- ئەگەر پێتوابێ دەتوانی شتێك بکەی، یان ناتوانی بیکەی، ئەوا ڕەنگە ڕاست بکەی...(هێنری فۆرد)

ئەم دەستەواژەیەی سەرەوە لێکبدەرەوە، بە وردی باسی هەریەکە لە هەڵوێستی ئەرێنی و نەرێنی بکە بۆ سەر کەسی پێشەنگکار کاریگەرییەکانییان لەسەرکەسانی  خاوەن بیرۆکەو  پرۆژەکان لە ئەنجامدانی کارەکانییاندا بخەڕوو.

18- تا چەند پێتان وایە گرنگە لە کارەکانماندا هەڵوێستمان ئەرێنی بێ؟

19- گرنگترین ئەو شتانە چین ، کە وەک  هاندەر و پاڵنەر کاریگەرییان هەبووە بۆت تا هەڵوێستتان ئەرێنی بێ بەرامبەر کارەکەتان؟

20- دەستپێشخەری چییە؟ ئایا وەک کارامەییێکی ژیان چ سودێکی هەیە بۆ تاکەکان و بۆ کەسی پێشەنگکار؟

21-  لە میانەی کارکردنت لەگەڵ تیمەکەت ،کامە لە ئەندامانی تیمەکەت/کۆمپانیاکەت تێبینیت کردووە ئەو بوێریەی (دەستپێشخەری) تێدایە؟ لە بەرچی؟

ناوەکان لە شیوەی هێما دەرببرە.

22- پەرۆشی بۆ کار واتای چی دەگەیەنێ لات؟

پێت وایە بۆچی گرنگە هەبێ؟

23- مەبەست بیرکردنەوەی قوڵ چیە؟ بۆچی پێویستە قوڵ  بیر بکەینەوە؟

24- کارامەییەکانی بیرکردنەوەی قوڵ چین ؟بیانژمێرەو باسی یەکێکیان بکە.

25- هەنگاوە کاریگەرەکانی  بیرکردنەوەی قوڵ چین ؟بیانژمێرەو باسی یەکیکیان بکە.

26-  باوەڕ بەخۆبوون لای تۆ چی دەگەیێنیت ؟ئەو هەنگاوانەی کە دەبنە هۆی گەشەسەندنی باوەربەخۆبونی خوودی چین باسییان بکە .

27- ئایا  کارامەیی باوەربەخۆبوون لە بواری کاردا  بۆچی بۆ کەسی پێشەنگکار پێویستە هەبێت ؟

28-  کێشە باوەکانی کارکردن لە کۆمپانیا و شوێنی کاردا  بە گشتی چین بیانژمێرە و باسییان بکە .

29- گروپی کارامەییەکانی پەیوەندییە کەسیەکان چین ؟ بیانژمێرەو بە وردی باسی یەکێکیان بکە.

30- سەرکردە بناسێنە ، لە هەشت خاڵدا گرنگتریین خاسییەتەکانی سەرکردە دەستنیشان بکە .

31- بۆ سەرکردایەتی کردنی گروپێک و کۆمپانیاییک ، لە (٨) خاڵدا ئەو خاسیەتانە باس بکە کە دەبێت سەرکردەی سەرکەوتوو ڕەچاویان بکات .

32- بڕوا بەخۆبوون یەکێکە لەو کارامەییانەی کە تاک لە ئەنجامدانی هەر کارێکدا پێویستیەتی ، گرنگتریین خاڵەکانی باوەڕبەخۆبوون لای پێشەنگکاران بە ڕای تۆ چین باسییان بکە.

33- پەیوەندیکردن وەک کارامەیێک چ سودێک بە بواری بزنس دەگەیینیت؟ جۆرەکانی چین ؟ ئەو بەشانە چین کە بەشداری لە پرۆسەی پەیقوەندیکردن دەکەن؟

34- پەیوەندی کردن لەگەڵ خەڵك یەکێکە لەکارامەییە گرنگەکان کە هەموو کەسێك پێویستی پێیەتی، گرنگی ئەو کارامەییە لە ژیان و لە بزنس بۆ کەسی پێشەنگکار چییە؟

35- هەموو کات پرۆژە بەهێزەکان ئەوانەن کە مامەڵەکردن و دانوستاندنییان بە هێزە،لە پێناو سەرکەوتنی کۆمپانیاو پرۆژەکەت، شێوازەکانی مامەڵەکردن و دانوستاندنێکی بەهێزوکاریگەر لە شەش خاڵدا بخە ڕوو .

36- گرنگترین کارامەییەکانی دروستکردنی تۆڕی پەیوەندیکردن چین ؟ لە پێنج خاڵدا بیانخەروو.

37- ڕێگاکانی دروستکردنی تۆڕی پەیوەندیکردن باس بکە .

38- مەبەست لە زانیاریی دارایی بۆ منداڵان چییە؟ ئایا چۆن و بە چ شێوازێک ئەم بەهایە لە لای منداڵاندا دەچێنیت و پەرەی پێدەدەیت؟

39- بە مەبەستی ناسینی کڕیارەکانی بەرهەمەکەت ، دەبیت خاسیەتەکانی کڕیار بزانیت ، ئایا چین بە دریژی باسییان بکە .

40- نرخاندن چییە پیناسەی بکە ؟ لە دانانی نرخ بۆ بەرهەمەکەت پێویستە ڕەچاوی چی بکرێت ؟

41- گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانە چین ؟ کە دەبێت لە کەسی فۆرشیار (بەرپرسی فرۆشتن )دا هەبێت ؟

42- گرنگی بوونی پلانی کار لە بواری بزنسدا جییە ؟ ناوەڕۆک و بەشەکانی پلانی کار چۆن دادەڕیژرێت ؟

43- ئایا مەبەست لە ناساندنی بەرهەم یان خزمەتگوزارییەکان چیە؟ ئامانجی پرۆسەی ناساندن لە چیدا دەبینی باسی بکە .

44- کارامەیی کۆمپیوتەر لە کۆمپانیا و بزنسدا چ سودێک بەم بوارە دەگەیینیت.